# كاريگەری كێڵگە واتاييەكان لە سەر دەزگاكانی راگەياندنی كوردی

د٠صباح موسى علي
جامعة كركوك/ كلية التربية للعلوم الانسانية

پێشەكی

هەر زمانێك لە زمانانی جيهان ،هەزارەها وشەی جۆراوجۆری تێدايە، ژمارەی وشەو يەكەكان لە زمانێك بۆ زمانێكی ديكە جياوازە/ئايا پێكهاتەی هەر وشەيەك ، وەك((نووسين،نووسينەوە/ نووسەر/نووسينگە/نووسيار/دەنووسێت/ بنووسە/نووس/پاكنووس/رەش نووس)) سەرپاكی ئەم وشانە يەك وشەن ، يان ژمارەيەك وشەن، ئايا وشەكە و پێكهاتەكانی يەك وشەن، يان ژمارەيەك وشەن، دەتوانرێت وشە بە پێی كێڵگە واتاييەكان يان بە پێی كێڵگەی فەرهەنگی پۆلين بكرێت، دەكرێت هەردوو وشەی (سێو و ئۆتۆمۆبيل ) لە يەك كێڵگەدا دابنرێت، لەم رووەوە دەتوانرێت لە يەك كێڵگە دابنرێن، ئەگەر كێڵگەيەك دابنێين بە ناوی كێڵگەی (بەرجەستەكان)، چونكە (ئۆتۆمۆبيل و سێو) بەرجەستەن ، بەڵام (سێو) سەر بە كێڵگەی (مێوە)يە و (ئۆتۆمۆبيل)سەر بەكێڵگەی ( ئامرازەكانی گواستنەوە)يە، يان دەتوانين بۆ هەردوو وشەكە كێڵگەی فراوانتر پێك بهێنين، وەك ئەوەی (سێو) سەر بە كێڵگەی رووەكە و (ئۆتۆمۆبيل) سەر بە كێڵگەی كەرەستەی پيشەسازييە٠

كارەكە هەر بەم ئاسانييە نييە، چونكە وشەو يەكەكان زۆر لەوە فراوانترن، بەوينە، كێڵگەی گيانلەبەرەكان هەزارەها ناوی گيانلەبەر دەگرێتە خۆ (مرۆڤ/ باڵندە/ رووەك / ئاژەڵ) لە كێڵگەی ئاژەڵيش كۆمەڵێك كێڵگەی بچوكتر و تەسكتری لێ دەبێتەوە وەك ،گيانلەبەری ماڵیوكێوی، گيانلەبەری وشكايی وئاوی، گيانلەبەرە هيلكەكەرەكان و شيردەرەكان٠٠٠هتد، واتا ئێمە لێرەدا رووبەرووی ئەزموونێكی زانستی زۆر قورس دەبينەوە، كە ئەوەش چۆن بتوانرێت جيابكرێنەوە، گيانلەبەر هەزارەها وشەی لێدەبێتەوە، لە بابەتی گيانلەبەرە ماڵييەكان لەوانەيە سەدەها وشەمان هەبێت، چونكە بواری كێڵگەكە تەسكترو بجووكترو تايبەتمەندی تر دەبێتەوە٠

ئەو شێوازانەی زمانەوانەكان بۆدەستنيشانكردنی دەلالەتی وشەو ليكسمی زمانەكان پشتييان پێ بەستووە، زۆرە و هەر زمانەوانێك بە پيێ بۆچون و تيروانينی خۆی بەكاری هێناوە ، يەكەكان لە رووی دەلالەتەوە واتا و مانای تايبەتی خۆی هەيە و لە رووی ئەوەی پێگەو شوێنی بۆ تەرخان بكرێت ، كێڵگەی تايبەتی هەيە ، بۆ رەنگ و پەيوەندە كۆمەڵايەتی و

بیرو هۆش و شتی بەر پێنج هەستەکەو نا هەستەکان کێلگەی واتایی بۆ تەرخان کراوەو زمانەوانەکانیش له سەدەی رابوردوو، بایەخ و گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە، ((لە ئەوروپا بۆپۆلین کردنی یەکەکانی زمان، هەوڵی زۆر دراوە، فەرهەنگی تایبەت دانراوە، وەکوو فەرهەنگی (دورنزاییف – Dornseiff)ی ئەڵمانی و فەرهەنگی ( بواسییر– Boissiere)ی فەرەنسی و فەرهەنگی ( رۆجیت– Roget)ی ئینگلیزی و فەرهەنگی ( کاساریس– Casarese)ی ئیسپانی ، ئەمانە هەموویان سەرجەم ئاماژە بەوە دەکەن ، کە گشت یەکەکانی زمان سەر بە کێڵگەی واتایین ))٠ ( ١)

<u>بەشی یەکەم :پێشدەست و چوونە ناو باس :</u>

هەندێك جاریش پێی دەوترێت کێڵگە فەرهەنگییەکان Lexical Fields مەبەستیش کێڵگەی واتایی، واتا ئەو گرۆپە یان ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کە لە رووی واتاوە بە یەکەوە گرێدراون و لە ژێر یەك ناو وناونیشان دادەنرێن ،وەك ئەو کۆمەڵە وشەیەیە ئاماژە بە رەنگەکان دەکەن٠

هەندێك لە زمانەوانەکان کێڵگەی واتاىو کێڵگەی فەرهەنگییان جودا کردۆتەوە وراو بۆچوونی جیاوازیان لەم بارەیەوە هەیە٠

(((ترێر )ی زمانناسی ئەڵمانی پێی وایە(( کێڵگەی واتایی وێنەی میشکی ئاخێوەرەو کێڵگەی فەرهەنگی ئەو واتایەیە کە فەرهەنگ بۆ یەکەکانی زمانی داناوە و (ئۆلمانی) زمانناس کێڵگەی واتایی بەم شێوەیەیە پێناسە دەکات و دەڵێت ،کەرتێکی یەکگرتووی یەکەکانی زمانە یەکسانە یان وێکچووی بارێکی تایبەتی شارەزاییەو زمانەوان (لاینز) دەڵێت کۆمەڵێك گەردیلەی یەکەکانی زمانە کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی و ستوونی پەیوەستن بە یەکەوە ٠

زۆربەی زۆری خاوەن تیۆری( کێڵگە واتاییەکان – Semantics Fields) لە سەر ئەو رایەن کە هەر یەکەیەکی فەرهەنگی سەر بە یەك کێڵگەن و ناکرێت سەر بە کێڵگەیەکی تر بن ))٠ (٢)

(ئۆلمان)ی زمانناس پێی وایە کە دەکرێت کێڵگە واتاییەکان دابەش بکرێن و لە کتێبەکەی بە ناوی (واتا و شێواز ) بەم جۆرە پۆلینی دەکات :

١–کێڵگە هەستیارە پەیوەستەکان :–

———— لێرەدا سیستمی رەنگەکانی بە وێنە هێناوەتەوە، کە دەکرێت بە چەند شێوازێك دابەش بکرێت و زمانەکان لە بارەی دابەشبوونی رەنگەکانەوە جیاوازن و زۆربەی رەنگەکان جیاوازیی لە رووی زمانەوە هەیە، زمانی لاتینی وشەی تاکی بۆ هەردوو رەنگی بۆر وخۆڵەمیشی هەیە و زمانی رووسی دوو یەکەی بۆ رەنگی شین داناوە ، شینی کاڵ پێی

**دەوترێت( Sini) و شینی تۆخ وشەی (Goludal) بۆ داناوە، کەچی زۆربەی زمانەکان لە سەر ڕەنگەکانی ڕەش و سپی و شین کۆکن٠**

**ب–کێڵگە هەستیارە خاوەن توخمە جوداکان :**

**ــــــــــــــ سیستمی پەیوەندی خیزانی دەچێتە ژێر چەتری ئەم جۆرە کێڵگەیەوە، وەکوو ( باوك، دایك، کور، کەنیشك )، بەڵام سەرجەم زمانەکان لە سەر ئەمە کۆکن نین، لە زمانی لاتینی دوو یەکە بۆ وشەی باوك هەیە (Poter,Ggenitor) یەکەم واتایەکی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت و ئەوی تر واتای پێشبینی دەگەیەنێت، زمانی هەنگاری دوو وشەی بۆ برای گەورە و برای بچووك و خوشکی گەورەو خوشکی بچووك داناوە٠**

**لە کێڵگەی خزم وکەس و کار و پەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك لیکسیم هەن ، کە ئاماژە بۆ خزمایەتی و ناسیاوی دەکات ، بە وێنە :**

**(( پاش باوك بەچە و نەوەکانی دێن ، وەکوو نێر ومێ ( کور وکیژ و (کورەزا ، کچەزا)٠**

**کەس و کاری پیاو ( مام و خاڵۆ و ئامۆزا وخاڵۆزا و تا خوارەوە)( میمك و پوور و پلك و پوورزا٠٠٠)٠**

**(زر) واتا ئەوەی لە ژنی دووەمی پیاوەوە ڕۆنان دەبێت ( هـــــــەوییە) بۆ نموونە ( زرکور ، زرکچ ))٠ (٣)**

**بۆ نموونە بروانە ئەم دایگرامەی خوارەوە:**

**پەیوەندی خێزانـــــداری**

**باپیرە    باوك    کور    کیژ    دایك    داپیرە**

**کورەزا    کچەزا**

**ج –کێڵگە رووتەکان :**

**ــــــــــــ ئەم جۆرە کێڵگەیە زۆر گرنگ و پر بایەخە، چونکە واژەکانی بیرو هۆش لە خۆ دەگرێت، وەکوو ( باری تەندروستی و کواڵیتی و گەرما و تیژی) و زۆر بواری تر ٠**

**بەم جۆرە چەمکی کێڵگە واتاییەکان بەم شێوەیە شرۆڤە دەکرێت ((دانانی یەکەو وشەکان لە خانەیەك یان کێڵگەیەك، کە پەیوەندی گونجاندن لە نێوانیاندا هەبێت لە رووی واتاو یا لە رووی گۆڕینەوەو هاورییەتی، مەبەست ئەو یەکانە هەمان چەمك و واتایان هەبێت، چی گیانلەبەر بێت یان رووەك یان بێ گیان یا هەر شتێکی سروشت بێت))٠ ( ٤)**

هەروەها پێی دەوترێت (کێڵگە فەرهەنگییەکان ) واتا کۆمەڵێك لە یەکەو وشە لە مانا و واتالە یەکەوە نزیك بن و لە ژێر یەك ناودا کۆبکرێنەوە ، وەك ناوی رەنگەکان ،ژمارەیەك لە زمانەوانەکان جیاوازییان لە نێوان کێڵگەی واتایی و کێڵگەی فەرهەنگی کردووە ،(ترێر ) وای بۆ دەچێت کە کێلگەی واتایی وێنەی هۆشی ئاخێوەرە بەرانبەر بە تەنەکان و کێڵگەی فەرهەنگی ئەو واتایەیە کە فەرهەنگ بۆ وشە دایناوە ٠

((ئۆلمانی زمانەوان دەڵێت کەرتێکی یەکگرتووە لە یەکەکانی زمان یەکسانە بە شارەزایی و (لاینز)ی زمانەوان پێی وایە کە کۆمەڵێك یەکەکانی زمانە کە پێکەوە بەستراون))٠ (٥)

<u>بەشی یەکەم:دەستنیشان کردنی کێڵگە واتاییەکان :</u>

<u>تەوەری یەکەم :</u>

بۆ دەستنیشان کردنی کێڵگەیەکی واتایی کۆمەڵێك هەنگاو هەیە ، کە دەبێت رەچاو بکرێن :

-زۆربەی وشە هاوواتاکان دەچنە ناو یەك کێڵگەوە، وەك:(ئاسك/مامز)، (سەوز،کەسك)، (سپی /چەرمی) ، (شین/کەوە)٠

-وشە دژواتاکانیش بە هەمان شێوە دەخرێنە ناو یەك کێڵگەی واتاییەوە ،وەك :(سارد/گەرم)، (درێژ/کورت)، ئەمەش هەموو جۆرە دژواتاکان دەگرێتەوە، وەك دژواتای ستوونیو ئاسۆیی وبازنەیی وپلەیی وپلەداری و٠٠٠هتد٠

-ئەو وشانەی خاوەن یەك رەگو بنجن ،بەوێنە (فێربوون، فێرکردن، فێرخواز ، فێرکەر)٠

-ئەویەکانەی دەچنە خانەی هاورییەتی و گرتنەوە و خزمایەتی وەك دەنگە سروشتییەکان (هاژەی ئاو،گڤەی با،گرمەی هەور)، یان هاورییەتی نێوان (ئاگر و سەرما) ، ( دان و گەستن )، ( شۆفێر و ئۆتۆمۆبیل)٠

سەرەرای ئەمانە هەمووی بۆ دەستنیشان کردنی کێڵگەی واتایی دەبێت ناوێك بۆ کێڵگەکە دابنرێت و پاشان لە ژێر چەتری ئەو ناوە کۆمەڵێك لیکسیم و یەکەو وشە رێزبەند بکرێت ، بە وێنە بۆ کردنەوەی کێڵگەیەکی واتایی بۆ بابەتی مرۆڤ بە پێی تەمەن رۆژگار بەم شێوەیەیە رێك دەخرێت

مرۆڤ بەپێی تەمەن

(مەڵۆتکە ) + ( ساوا، کۆرپە ، شیرەخۆرە)+منالْ + (کور=کچ) + (گەنج ،لاو) + (بالغ، کاملْ) + (پیاو ، ژن) +بەساڵاچوو + (باپیرە ،داپیرە) + پەککەوتە٠٠٠

لێرەدا کێڵگەیەك بۆ مرۆڤ کرایەوە ، دەکرێت کێڵگەی لەوە بچووکتر دروست بکرێت ، بە وێنە بۆ کور یان بۆ دوێت ،پاشان دەکرێت کێڵگەی بچووکتریش دەستنیشان بکرێن، وەك پیاو یان ئافرەت (ژن)،کە ئەوەی یەکەم کێڵگەی سەرەکییە و ئەوانەی لەمەوە لق دەهاوێژن دەبنە

**كێڵگەی لاوەکی ،وەك چۆن گێڵگەیەکی واتایی بۆ زیندەوەران دەستنیشان دەکرێت تەماشا دەکرێت کۆمەڵێك یەکەو لیکسیم لە ژێر ئەو ناوە ریزبەند دەکرێت وەکوو(مرۆڤ ، باڵندە ، رووەك، ئاژەل) پاشان لە ژێر ناوی ئاژەڵ دەتوانرێت ژمارەیەك کێڵگەی لاوەکی دابنرێت وەك کێڵگەیەك بۆ ئاژەڵی ماڵی وکێوی یان بۆ ئاژەڵی ئاوی و وشکانی، لە بواری ئاژەڵی ماڵیش دەتوانرێت کێڵگەی بچووکتر بکرێتەوە ، وەك ئاژەڵی ماڵی شیردەرە و هێلکەکەر یان ئاژەڵی گۆشت خۆر و دانەوێڵە خۆر و بەم جۆرە٠**

**دەبێت ئەوەش لە یاد نەکرێت ،کە هەر ناوێ یان یەکەیەکی فەرهەنگی دەبێت لە یەك گێڵگە دابنرێت و لە دووان نابێت چونکە ئەمە لە تۆژینەوەی کێڵگەکان کێشە دروستدەکات٠**

**هەر بە وێنـــــــــــــەـ:-**

**وشەی ( مانگا) ناوی (گیانلەبەرە) واتا( زیندووە)، بۆ ئەم بابەتە کێڵگەیەك دەکرێتەوە ، لە ژێر ئەم ناوە ، کۆمەڵێك وشە رێز بەند دەکرێت وەك ( مرۆڤ ، میروو ، رووەك ،ماسی ، درەخت،٠٠٠) ، لێرەدا گێڵگەیەکی خوارتر دەکرێتەوە ، هەر بۆ وشەی (مانگا) ، ئەویش کێڵگەیەك لە ژێر ناوی کێڵگەی (ئاژەڵەکان) ، لەژێر ئەم ناونیشانە دەکرێت ژمارەیەك ناو رێزبەند بکرێت ، کە دەچێتە خانەی ئاژەڵەوە ، بە وێنە ( مانگا ، مەر ، بزن ، مامز، ماسی ، حوشتر،٠٠٠)، پاشان دەکرێت کێڵگەیەکی خوارتر بۆ وشەی (مانگا) دروست بکەین بە ناوی کێڵگەی ئاژەڵە وشکاییەکان ، واتا ئەو ئاژەڵانەی لە وشکایی گوزەر دەکەن ، چونکە ئاژەڵیش هەن لە ئاو دەژین وەك ماسی، مار ماسی، قرش، ئاژەڵ هەن وشکانین، واتا لە وشکایی و ناو ئاودا دەژین ، وەك (بۆق ، تمساح ،دۆلفین٠٠٠) ئەنجا ئاژەڵی ( مانگا ) لە کیڵگەی وشکایی دادەنرێت ، مانگا ئاژەڵێکی شیردەرە و بەچکە (گۆلك)ی دەبێت ، ئاژەڵ هەن شیردەر نین ، هیلکە کەرن وەك باڵندە وماسی و مار و تمساح و زۆری تر ، هەروەها دەشێت (مانگا) لە کێڵگەی ( کاوێژکەرەکان) دابنرێت واتا ئەوانەی کاوێژ دەکەن، کێڵگەیەکی تر بە ناوی ئاژەڵە ماڵییەکان دادەنرێت ، چونکە ئاژەڵ هەن ماڵی نابن وەکوو، گورگ ، رێوی ، مار ، کوترە باریکە (کوکوختی، بیبیسوو)، هەشە ماڵی دەبێ ، وەکوو مریشك ، مراوی ، سەگ ، مەر ،٠٠٠، لە رووی ئایینەوە مانگا گوشتی حەلاڵە و دەخورێت ، هەشە گوشتی حەرامە و ئایین رێگای بە خواردنی نەداوە ، وەکوو گوشتی (سەگ ، بەراز ، مارماسی ،٠٠٠)٠**

**بەم شێوەیە ناوی ( مانگا) خرایە ژمارەیەك کێڵگەوە ، وەك لەم دایگرامە روون دەکرێتەوە:-**

**مانگـــــا**

**ـــــــ گیانلەبەر (زیندوو) ئاژەل ئاژەڵی وشکایی ئاژەڵی شیردەر ئاژەڵی ماڵی**

---------- ------ --------- -------- -----
---

مانگـــا مانگـا مانگـأ مانگـا
مانگـأ

ئاسك ئاسك ئاسك ئاسك
ئاسك

مـــەر مـــەر مـەر مـــەر
مـەر

كۆتـــر كۆتـــر كۆتـــر ----
كۆتـــر

مار مـــار ----- ------ ---
---

ئاژەڵی کاوێژکەر گوشتی حەڵاڵە کەڵبەدار چوار پێ
کلکدار

---------- --------- ------- ----- ---

مانـگا مانگـا ----- مانگـا
مانگـا

ئاسك ئاسك - ئاسك
ئاسك

مـــەر مـەر ---- مـەر
---- كۆتر ------ ----- --

((زمانەوانەکان هەر لە مێژە کاریان لە بابەتی کێڵگەکان کردووەو بەڵام وەك تۆژینەوەکانی ئەم سەردەمە ،وردو رووتترنەبووە، لەوانەی لەم بوارەدا کاریان کردو شوێن پەنجەیان دیارە(ئابسن١٩٢٥) و (ترێر١٩٣٤) و (یۆرزگ ١٩٣٤) و (فێرس ١٩٥١) و (یەلم سێڵف ١٩٥٣) و (ئۆڵمان ١٩٦٢) و (نایدا١٩٦٤ ) و (بارلن وی کەی١٩٦٩) و (پالمەر١٩٨١))(٦)٠
((سەرەرای سۆسیر لە کتێبە بەناوبانگەکەی (چەند موحازەرەیەك دەربارەی بەزانستی زمان) کە باسی ئەم بابەتەی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ کردووە))٠ (٧)
هەوڵەکانی (مێیەر Meyer) جێی دڵنیاییە، کاتیك یەکەکانی زمانی کردە سێ بەشەوە یان سێ کێڵگەوە و:

**١–شته سروشتييه‌كان Natual Thing:**

**ـــــــــــــ وه‌ك دره‌خت و گيانله‌به‌ر و ئاژه‌ڵ و به‌شه‌كانى جه‌سته و ئاسمان و زه‌وى و ديارده سروشتييه‌كانى تر ده‌گرێته‌وه٠**

**٢– شته دروست كراوه‌كان يان پيشه‌سازييه‌كان Artfical Thing:**

**ـــــــــــــ سه‌رجه‌م شته دروستكراوه‌كان، وه‌كوو پله سه‌ربازييكان تاكو ناوى ماشين و كه‌ره‌سته‌و وبيناو ته‌لاره‌كان ده‌گرێته‌وه٠**

**٣–شته نيمچه دروست كراوه‌كان Semi Artifical Thing:**

**ـــــــــــــئه‌مه‌ش زاراوه‌كانى راوچييه‌كان و زۆر پيشه‌ى تر له خۆ ده‌گرێت٠**

**((باشترين پولين كردن له بوارى كێڵگه واتاييه‌كان ئه‌وه‌ى خاوه‌ن فه‌رهه‌نگى سه‌رده‌مى نوێيه (Greed New testamit) و پشت به چوار كێڵگه‌ى سه‌ره‌كى ده‌به‌ستێت :**

**أ–بونه‌وه‌ره‌كان Entites:**

**ـــــــــــــ هه‌موو شتێكى سه‌ر دونيا له ژێر ئه‌م كێڵگه داده‌نرێت له ئاسمان و زه‌وى وهه‌رچى شتێكى سه‌ر رووى زه‌وى ، وه‌ك له‌م دايگرمه‌ى خواره‌وه روون ده‌بێته‌وه ٠**

**بوونه‌وه‌ره‌كـــــــان**

**بونه‌وه‌رى زينوو      بونه‌وه‌ر      بونه‌وه‌رى نا زيندوو**

**ئاژه‌ل رووه‌ك مرۆڤ    جنۆكه    سروشتى    پيشه‌سازى    په‌رى**

**بونه‌وه‌ره‌كان سه‌رووى كێڵگه‌كه‌يه و پاشان سێ كێڵگه‌ى لێده‌بێته‌وه :**

**بونه‌وه‌رى زيندوو، نازيندوو، شاراوه (غه‌يبى) له ژێر هه‌ر يه‌كێكيش كێڵگه‌ى بچووكتر دروست ده‌بێت ٠**

**ب–رووداوه‌كان Events :**

**ـــــــــــ مەبەست لە رووداوەكان كارەكانە كە مرۆڤ يان گيانلەبەرەكان پىٚ هەڵدەستن چ كارى رەمەكى، يان نارەمەكى بێت، مەبەست لە مەش هەموو رووداوەكانى ترس و تورەيى و هەر پێنج هەست و رووداوى سۆزدارى وەك رك و خۆشەويستى و رووداوى هاورييەتى وەكوو هاوسەرگيرى و سەردان و رێز و هەماهەنگى و جنێو زوڵم و جيابوونەوە و ياخى بوون و هەيەتى و مۆڵكداريتى وەكوو( قەدەغە و هەڵوەشان و سزا و پاداشت) و زۆرى تر ٠**

**ج–موجەرەدەكان Abstact:**

**ـــــــــــ هەموو خەسڵەت و سيفاتەكان دەخرێتە ژێر چەترى ئەم كێڵگەيەوە ، بە وێنە ( ژمارە، گەرما، تيژى، رۆپيوى ، ٠٠٠٠**

**چ – پابەندەكان :**

**ـــــــــ وەكوو ئامرازەكانى پەيوەندى و پيتەكان و جێناوەكان و ئامرازى سەرسۆرمان و پريپۆزشن و ئامرازى پرسيار و٠٠٠٠٠))٠ (٨)**

**((هەندێك لە زمانەوانەكان لەوە زياتر چوونە و ئاماژەيان بەوە داوە، كە يەكەكان دەكرێنە چوار كێڵگەى سەرەكى و هەر كێڵگەيەك ژمارەيەك كێڵگەى بچووكتر لىٚ دەبێتەوە و بەو جۆرە تا دەگاتە كێڵگەى بجووكتر وسادەتر ، كە بوونەوەرو رووداو و موجەرەدەكان و پەيوەنديیەكان دەگرێتەوە ))٠ (٩)**

**بە وێنە، ئەم دايگرامەى خوارەوە هەموو ئەو پۆلێن كردنەى كێڵگەكان روون دەكاتەوە:**

**بوونەوەرە زيندووەكان**

|

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

**رووەك          ئاژەڵ          مرۆڤ**

\   |   /          |          \   /

**گوڵ   درەخت  گيا          |          منداڵ   باڵغ**

**(كامڵ)**

\ | /   \ /          |          \ /   |

/

**باخ هيرو ياسمين  سێو هەرمى          |          كور  كەنيشك  پياو**

**ژن**

|

ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ

| | | | |
|---|---|---|---|
| میروو | ماسی | باڵندە | شیردەرەکان |
| میش میروله زەیدی | شەبۆت مارماسی | کوتر چۆلەگە بولبول | سەگ مانگا ئەسپ |

**<u>تەوەری دووەم (ئامانجی کێڵگەواتاییەکان) :</u>**

**حاشا هەڵنەگرە دەستنیشان کردنی کێڵگە واتاییەکان زۆر ئامانج و مەبەستی لە پشتییەوەیە، وەك:**

**((–کیڵگە واتاییەکان ریگامان بۆ ئاسان دەکەن ،کە شارەزایی باش پەیدا دەکریێت لە بارەی پەیوەندی نێوان واتای شەکان، وەك هاوواتا و دژواتا و هاورییەتی و گرتنەوە ٠**

**–فەرهەنگ لیستیك بەپێی ئەلفوبێی وشەکانی زمان ریزبەندکراوە، بەڵام کێڵگەکان لیستێك بە واتای وشەکان دەداتە دەستەوە٠**

**–دابەشبوونی یەکەکان بۆ چەند کێڵگەی واتایی وا دەکات کە تۆژینەوەی بەراوردکاری نێوان زمانەکان ئاسان و سووکتر دەبێت٠**

**–کێڵگە واتاییەکان وێنەیەکی تەواو سەبارەت بە سروشت و چەشنی زمان و یەکەکانی پیٚ دەبەخشێت)) (١٠)٠**

**–کارئاسانی دەکرێت ، کە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر و فراوان بۆ واتا و مانا وشەکان بکرێت٠**

**–پسپۆرایەتی و تایبەتمەندی دروست دەبێت بۆ ئەوەی لە یەکەکانی زمان شارەزا بین ٠**

**–بواری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و گەران بۆ یەکەکانی زمان خۆش و ئاسان بکات٠**

**<u>بەشی دووەم:بوارەکانی کێڵگەی واتایی</u>**

**بۆ بەدەستهێنانی کێڵگەی واتایی گۆنجاو وردو زانستییانە پیویێست دەکات بوارەکانی بخەینە روو، کە لەم خاڵانە کورت دەکرێنەوە:**

**(١) گۆرینەوە (الاستبدال) : واتاوشەیەك لە جێی وشەیەکی تربێت، وەکوو (شاخ –چیا) واتا وشەیەك لە جێی یەکتر بێت وبتوانێت ئەرکو واتای ببینێت ،(ژن – ئافرەت) یان( مرۆڤ – ئادەمیزاد–مەردوم)(شین –کەوە ) ٠**

**(٢) گونجاندن( التلائم) :وشەیەك لە گەڵ وشەیەكی تر بگۆنجی، یان ڕێك بخرێن، وەك وشەی ( هاژوهوژ– گەڕەلاوژی) لە زمانی مەكسیكی كۆمەڵێك واتا هەیە وەكوو( هاواری منداڵ – گوند ولادی– تیژی– هاوار لە تۆڕە بوون – دەنگی ناشتنی مردوو – هتد )یان ڕەنگی سوور بۆ مەترسی و ترسناكی ،ئاڵای سپی بۆ ئاشتی ٠**

**(٣) ڕێزبەندی و ڕێكخستن( التدرج والتنظیم) :واتا شتێك ڕێزبەند وڕێك بخرێت وەكوو ڕۆژەكانی هەفتەومانگەكانی ساڵ( شەممە–یەكششەممە) یان پلە سەربازییەكان (ملازمی یەكەم – ملازمی دووەم، بۆ درێژی (كم ، م ،سم ،دسم) ، بۆ كێشی( تۆن،كگم ،گم ،ملگم) دەبێت ریزبەندیش ڕەچاو بكرێت ، وەرزەكانی ساڵ( هاوێن – پاییز – بەهار – زستان)٠٠هتد)٠**

**(٤) هاوڕییەتی( الاقتران والترافقیە): وەك هاوڕییەتی نێوان (قوتابی وخوێندن)، (زانكۆ و خوێندكار)، دڵداری هاورییە لە گەڵ خوشەویستی وئەڤین ، هاوڕییەتی نێوان ئاگروسەرما ، وەڕین و سەگ و دان و گەستن و سەوزی وبەهار ٠٠**

**(((جۆست ترێر) زمانناسی ئەڵمانی لە تۆی كتێبەكەی لە سەر دێڕی ((یەكەكانی ئەڵمانی لە پێوەری بۆچوونی درك پێكردن)) توێژینەوەیەكی لە سەر واتا كردووە و دوو تیروانینی دەربارەی واتا خستۆتە روو :**

**١–لە رستەوە دەتوانین بگەینە واتای راستەقینەی واتای وشە ٠**

**٢–لێكۆڵینەوە و واتای وشە لە فەرهەنگەوە واتا دەردەكەوێت ٠**

**ترێر (gost Trier) لە ساڵی ١٩٣٤ دەستی بە لێكۆڵینەوەی دەربارەی بە كێڵگە واتاییەكان كردو دەڵێت (( كۆی وتنەكانی زمانێكی دیاریكراو دەبێت لە سەر بنەمای زنجیرەیەك لە كۆمەڵە وشەیەك یان (كێڵگەیەكی فەرهەنگی )بنیات نرابێت و هەركۆمەڵەیەك رووبەرێكی دیاریكراو لە ئاستی چەمكەكان (كێڵگەی بۆچوونەكان)دەگرێتەوە))٠ (١١)**

**(ترێر) وای بۆ دەچێت كە بۆچوونەكانمان هەموو راستییەكان دادەپۆشێت بەوەی هەر گۆرانكارییەك لە بۆچوونەكان دەبێتە هۆی گۆرانكاری لە سنووری بۆچوونی خەڵكانی ترەوە و نیشانی دەدات كە یەكەی دركپێكردن كۆمەڵەیەكی ریكوپێكە وتوخمەكان وەك سیستمی تابلۆی رەنگاو رەنگ یەك دەگرنەوەو پتەون٠**

**بەشی سێیەم: کێشەی دەستنیشانکردنی کێڵگە واتاییەکان**

**بۆئەوەی بنەماکانی کیڵگەکان ڕەگی خۆی داکوتێت پیوێستی بە کۆمەڵێك بنەما هەیە، وەك:**

**١- هەر یەکەیەکی فەرهەنگی سەر بە کێڵگەیەکی فەرهەنگی بێت٠**

**٢- نابێت هەر یەکەیەکی فەرهەنگی سەر بە دوو کێڵگەی واتایی بن٠**

**٣- نابێت ڕۆڵی تیکست (سیاق )لە یاد بکرێت٠**

**٤- دەبێت تەماشای وشەو یەکەکان دوور لە پێکهاتەی ڕێزمانی بکرێت٠**

**لە دەستنیشانکردنی کێڵگە واتاییەکان سێ کێشەو ئاستەنگ دێنە بەردەم کە ئەمانەن:**

**أ- دەستنیشانکردنی کێڵگە واتاییەکان:**

**((بۆئەوەی باش لە مەبەستی دەستنیشانکردنی کێڵگە واتاییەکان بگەین بە خەیاڵی خۆمان لە جێگەی واتاناس دادەنیێن، کاتیك بابەتێك وەردەگرێت و ئایا لە چ کێڵگەیەك و سەر بە چ خانەیەك دابنرێت ،دەتوانرێت لەو کێڵگەیە دابنرێت بە پێی فەرهەنگی و واتاوکێڵگە، زۆر ئاستەنگە بە پێی ڕستەو سینتاکس و دەق و واتای یەکەکان و بە پێی هەست وبۆچوون دەستنیشان بکرێت٠**

**بە وێنە وشەی (درەخت) ناتوانین واتای دەرخەین بەڵام لە ڕێگەی دەق و ڕستەوە واتای روون دەبێتەوە وەك درەختی سێو ئەمە دەخرێتە خانەی درەختی بەردار٠**

**ب- دەستنیشانکردنی یەکەکانی ناو کێڵگەیەکی واتایی:**

**لەناو دەقێکدا دەروانین کۆمەڵێك یەکە (لیکسیم) هەیە، بۆنمونە وشەی (کورسی) لە زمانی فەرەنسیدا کۆمەڵێك یەکەو واتای لێ دەبێتەوە وەکوو:(هاوڕییەکی دڵسۆز،ناڕاستەوخۆ ،کورسی جۆری عاج ،شوانی مەڕوماڵات ، بەلەم ، کورسی باخچە ، تەختەی ئۆفیس)، ئایا لە دەستنیشانکردنی واتا کام یەکە دادەنرێت، یان کام مانای لە گەل کێڵگەکە گۆنجاوە٠**

**ج – دەستنشانکردنی کێڵگەکان لەناو خۆیاندا:**

**گریمان چەند کێڵگەیەکی واتایی ڕێکخرا لێرەدا ئێمە ڕوو بە رووی کێشەی پەیوەندی چەند کێڵگەیەك لە نێو خۆیاندا دەبینەوە، بە واتایەکی تر ڕادەو پلەی چوونە ناویەکی کێڵگەکان ( ئەگەر چوونە ناو یەك هەبێت) چەندە))٠(١٢)**

**کاتی ئێمە کێڵگە جودا دەکەینەوە بە وێنە ئادەمیزاد لە کێڵگەی مرۆڤەوئەسپیش گیانلەبەرە ، تووشی کێشە دەبین کاتیك لە دەستنیشانکردنی کێڵگەی گیانلەبەرو بێ گیان ، پیاو یان مرۆڤ گیانلەبەرەو ئەسپیش گیاندارە ، ئەم کێشەیەش هەرئەمێنی ٠**

زۆربەی زمانەوان و توێژەرەکان داکۆکی لە سەر چەند خاڵێکی گرنگ دەکەنەوە ، کە لەمەوبەر ئاماژەمان پێیدا و لێرەدا جەختی لە سەر دەکەینەوە، (( تیۆری کێڵگەی واتایی پشت بە کۆمەڵێك یاسا و بنەما دەبەستێت ، دەکرێت لە چەند خاڵێك کورت بکرێتەوە :

أ-یەکەی فەرهەنگی lexeme نابێت لە یەك کێڵگە پتر ئەندام بێت ٠

ب-هەر یەکەیەکی فەرهەنگی دەبێت سەر بە کێڵگەیەك بێت٠

پ-نابێت (سیاق) یەکەکان پشت گوێ بخرێت ٠

ج- ئەستەمە توێژینەوەی یەکەکان بە بێ پێکهاتەی ڕێزمانی بکرێت ))٠ (١٣)

((زمانەوانی عەرەب أحمد مختار عمر پێی وایە ، کە ژمارەیەك لە زمانەوان دەستیان بە فراوان کردنی کێڵگەی واتایی کردووە ، کە ئەم لایەنانە بگرێتەوە :

أ-وشە هاوواتاکان و دژواتاکان

ب-کێڵگە واتاییە وشەسازییەکان

پ-بەشەکانی ئاخاوتن

ج- کێڵگە سینتگماتییەکان Syntagmatic Fields))٠(١٤)

## بەشی چوارەم :کاریگەری بوارەکانی کێڵگە واتاییەکان لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن ومیدیاکان

میدیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هەر سی بەشەکەیەوە(بیستراو بینراوو خوێندنەوە) بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ لە ڕێگای ئاخاوتن و بەشەکانی ناو و پێکهاتەی ڕێزمانی کاری لێکراوە و گەشەسەندنی لە گەشەسەندنی زمانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە و کاریان لە یەکتری کردووە و هەنگاوەکانی هەردولا بە یەك ئاست بەرەو پێشەوە دەڕۆن، بێگومان بابەتی کێڵگە واتاییەکان کاریان لە زمانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کردووەو ڕەنگدانەوەی لە سەری هەبووە٠

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی ،هەرچەندە تەمەنێکی زۆر درێژی نەبووە ، ئەگەربەراورد بکرێت لە گەل هەنگاوی بوارەکانی میدیا لە لای میللەتان و وڵاتانی دراوسی (ڕۆژنامەگەری کوردی لەساڵی ١٨٩٨سەری هەڵداوە)ورادیۆ(یەکەم ڕادیۆی کوردی ڕادیۆ کوردی شاری بەغدا بوو لە ساڵی ١٩٣٩لە دایك بووە) و (تەلەفزیۆن ساڵی ١٩٦٨ و کەناڵی ئاسمانی مەبەست سەتەلایت ساڵی ١٩٩٢ بوو) واتا مێژووی میدیای کوردی زۆر دوور نییە ، بەڵام لەو ماوەیەدا دەتوانین بڵێین دۆزەکە پابەند بووە بە باری سیاسی و ئابۆری و کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی میللەتی کوردەوە،بۆیە ڕۆشنایی زیاتر دەخرێتە سەر میدیای ئەمرۆی کورد ،لەم ڕووەوە، میدیاکان هەنگاوی باشیان ناوە لەبارەی گەشەندن و پێشکەوتنی زمانی کوردی،

دەیەها وشەی نوێباو ووشەی ناسك و پاراوی كوردی لە ڕێگای میدیاكانەوە هاتۆتە ناو زمانی خەڵكییەوە، میدیا ڕۆڵی بەرچاوی لەم بوارەهەبووە، زمانیش دەوری خۆی بینێوە لە پێشخستنی دەزگاكانی ڕاگەیاندن٠

بواری كێڵگە واتاییەكان كاردانەوەیان لە سەر میدیاكان هەبووەو ئەكتیڤانەو چالاكانە چۆنەتە مەیدانەكەو هەوڵ دراوە ئەو بوارە دەستەبەر بكرێت بۆ خزمەت كردن و ئەنجا بەرەو پێشەوەچوونی میدیاكان٠

بە وێنە لە بواری گۆڕینەوە ، تەماشادەكرێت لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن ، ئەم بوارە زۆر كارێگەری لە سەر میدیا هەیە و ڕۆڵی گەورەی لە گەشەسەندن و دەوڵەمەندكردنی زماندا هەیە ، گۆڕێنەوەی وشە، واتا ئەو وشانەی لە بری یەكتر یان لە جێی یەكتر دێن، مەبەست وشە هاوواتاكان ،وەك (قوتابی =خوێندكار= فێرخواز) ئەم سی یەكەی زمانی ،كە هاواتان لە دیوێكی بابەتەكە خزمەتی بە زمانی كوردی كردوو، ەوەك دەوڵەمەندبوونی زمان ، بەڵام لە دیوێكی دیكەوە بووەتە هۆی پەیدابوونی هەندێك ململانی و كێشەی ئایدۆلۆژی ، وەك ئەوەی لە ناوچەیەك قوتابی ولەوی تر خوێندكارویان لە هاوواتای ژن و ئافرەت ، گەنج ولاو،بەڵام وەك گەشەسەندنی زمان و دەوڵەمەندبوونی ،گۆڕێنەوە چالاكانە كاری كردووە،(ئاسك = مامز، چیا =شاخ، بڵند =بەرز٠٠٠هتد)٠

لە لایەكی ترەوە بۆچوون و ئایدیا لە میدیاكان بە ئەنقەست بابەتی گۆڕینەوە دەقۆزنەوە بۆ مەبەستی تایبەت ،بە وێنە لە كارێكی تیرۆردا ، دەزگاكانی ڕاگەیاندن بە پێی بیرو بۆچوون و ئایدیا و ڕای ئەو میدیایە بابەتی گۆڕینەوە بەكاردەهێنن ،بۆنموونە( دەستێكی ڕەش واتا تیرۆر لە پشت ئەو ڕووداوەوە بوو) ، لایەكی تر بە شێوەیەكی دیكە باس لە بابەتەكە دەكات و دەڵیت (بەرهەڵستكاران یان نەیارەكان یان چەكدارانی سەر بە گرۆپی ٠٠٠٠ لە پشت ڕووداوەكەوە بوون) تا دەگاتە ئەوەی هەندێك میدیای توندرەو بە موجاهید وخۆبەخت كەر ناویان بهێننن، ئەمەش قۆزتنەوەیەكی ترسناكە بۆ بابەتەكە٠

كە هێزەكانی ئەمریكا هاتنە ناو عێراقەوە ، لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن هەر یەكی لە بواری گۆڕینەوە زاراوە ووشەی بۆ ئەم هێزانە دانا وەك( هێزی ڕزگاركەر، هێزی داگیركەر، هێزی بیانی ودەرەكی) ، ئەمەش بۆچوون و ئایدیا ڕۆڵی خۆی بینی ٠

بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی دیالێكت و زارەكانی زمانی كوردی دەوری خۆی لە بواری گۆڕینەوە بێنی وفراوانی ودەوڵەمەندی زمانەكە نیشان دەدات ، بۆ نموونە((كیژ ،كەنیشك ، كچ ، دویت ) ، (مرۆڤ ، ئادەمیزاد ، مەردوم ، ئینسان) ، ( خاك ، ئەرز ، ئەرزە ، زەوی ) )(١٥)٠

له بواری گونجاندن (تلائم) رۆڵی بەرچاوی هەیە لە میدیاکاندا ،واتا شتێك لە گەڵ شتێکی تر بگونجێت ، وەك رەنگی سوور لەگەڵ مەترسی وخوێن یان گونجاندنی سوور لە گەڵ ئەڤین وسۆز و خوشەویستی ، ئەمە دوو شەقل دەگرێتەوە ودەکرێت دەستەبەر بکرێت ، سوور لە هیماکانی ترسناکی و مەترسی و خوێن رشتنە وەك بڵێی ( خەڵتانی خوێن ، سوورهەڵگەرا، روو سوور بێت ، سوورو سپی ) یان لە نیشانە و هیماکانی خوشەویستی ( گوڵی سوور ، ئاماژە بۆگیان فیداکاری و خۆبەخت بوون لە پێناوی دڵدار)٠

هەروەها بۆ گونجاندنی کارێکی فێڵبازی وریوی ، کە لە میدیا باسی ئەوە دەکرێت ، کە وەك رێوی هەڵات و شوێن پەنجەی نەما، لێرەدا مەبەست فێڵبازییەکەیە ، کە گونجاندن دەردەخات٠

بواری ریزبەندی و رێکخستن کارێگەری لە سەر دەزگانی راگەیاندن کردووە و توانیویەتی رەنگدانەوەی باشی لە میدیاکان هەبێت ، بە وێنە ، کە باسی ئەوەدەکرێت کە( شەپۆلێکی بەفربارین رووله کوردستان دەکات و لە سبەی دووشەممە و دووسبەی سێشەممە لە ناوچە شاخاوییەکان شەپۆلەکە زۆرتر دەبێت) لێرەدا رێزبەندی رەچاو کرا رۆژی (سێشەممە) پێش (دووشەممە) نەخرا یان لە بواری پلە داری سەربازی و ناوی سەرەك کۆمارو وەزیرەکان دەکرێت ،پلەی موقەدەم پێش عەقید دێت ، یان لە پێگەی وەزیرەکان ریزبەندی و رێکخستن رەچاو دەکرێت ، بە وێنە وەزیری دەرەوە پێش وەزیری ناوخۆ دێت ،وەزیری خوێندنی باڵا پێش وەزیری پەروەردە دێت ، هەرچەندە حاڵی حازر لە هەندێك لە میدیاکان وشەی (شالیار) لە بری وەزیر بەکاردەهێنرێت(١٦)٠

لە بواری هاورێیەتی و پەیوەندی هاورێیەتی(الترافقیه والاقتران) ،کە مەبەست هاورێیەتی نێوان دوو لیکسیم یان دوو یەکەی زمان ، وەك هاورێیەتی نێوان قوتابی وزانکۆ و هاورێیەتی نێوان دان و گەستن یان پەیوەندی هاورییەتی لە بری من ، ئێمە بەکاربهێنرێت ، ئەمانە سەرجەم لە دەزگانی راگەیاندی کوردی رەچاو کراوە، بە وێنە کە باس قوتابی و هاورییەتی لە گەڵ زانکۆ و کورسی خوێندن دەکرێت ، تەماشا دەکرێت بەرانبەر یەکسەر خەیاڵی بەلای مەبەست دەچێت ( لە ساڵی خوێندنی٢٠١٢-٢٠١٣ ) زیاتر لە پەنجا هەزار کورسی دابین کرا، واتاك کورسی زانکۆ ، ئەگەر لە میدیاباسی ئەوە بکرێت کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٨ عێراقدا ٣٧٥ کورسی بۆنوێنەری پێکهاتەکانی وڵات دەستەبەر کرا، لێرەدا گوێگر یان خوێنەر یان تەماشاکەر بیری بۆ کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەچێت ، چونکە لێرەدا کورسی هاورییە لەگەڵ پەرلەمان ، پێشتر لە گەڵ قوتابی ، لەوانەشە بە پێی مەبەست ببێتە هاوری ، وەك کورسی باخچە ، کورسی کۆمپیوتەر، کورسی نان خواردن، کورسی دانیشتن وکورسی نا پاسەکانی گواستنەوە تا دوایی ٠٠٠

هاوڕییەتی نێوان وەڕین و سەگ ،لە میدیاکان جاروبار ئاستەکە دیننە خوارەوە وبۆ لێکچوواندنی ناحەزێك دەوترێت ( وەڕی ) یا بۆ زۆر بلێی دەوترێت چەنەبازی و بۆ دەست درێژی و دەسەلأت وزۆر لایەنی تر٠

لە ڕووی پەیوەندی هاوڕییەتیش ئەمەش ڕووبەرێکی فراوانی لە میدیاکان وەرگرتووە لە بری (من ، ئیمە) لە بری (تۆ ، ئێوە ، جەنابتان ،بەڕێزتان) یان بەکارهێنانی هەندێك دەلالەتی ڕێز و ستایش وەك ( بەڕێز ، ڕێزدار ، جەناب ، فەخامەت ، سەماحەت ، مەعالی ، قەداسەت ، ٠٠٠) ئەمانەش لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆر بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە ، بۆ سەرەك کۆمار (فەخامەت ، جەناب ، مەعالی ) ڕەچاو دەکرێت ، لە دیداری تەلەفزیۆنی بە میوانی دیدار دەوترێت ( ئێوە ) لە بری (تۆ) یان(ئێمە) لە جیاتی (من) ، بۆ پیاوانی ئایینی (سەماحەت) بۆ پیاوانی ئایینی مەسیحی (قەداسەت) بۆسەرەك وڵاتان ( پایەبەرز، جەناب ، گەورە) ٠٠٠

کاریگەری کێڵگە واتاییەکان زۆر دیارە ، ڕاستەوخۆ شوێن پەنجە ورۆڵی لە نێو میدیا وراگەیاندن زۆر زەقە، لە بواری مردنی کەسێك کۆمەڵێك یەکەی فەرهەنگی هەن ، کە دەلالەت لەم حاڵەتە دەکەن و لە ژێر چەتری کێڵگەی واتایی مردن ریزبەنددەکرێن ، وەکوو( کۆچی دوایی کرد ، بە خاك سپێردرا، وەفاتی کرد ، شاردرایەوە ، ڕۆژی تەواو بوو، ئەجەلی خۆی هێنا، مرد ، ئەوەندە قیسمەت و تەمەنی بوو) ، لێرەدا میدیاکان بە پێی مەبەست وشەی گونجاوی بۆ هەلدەبژێرن ، بۆ شاعیری یان ناودار ( بە خاك سپێردرا) ، بۆ کەسێکی ئاسایی کۆچی دوایی ، هەندێك جار دەگاتە ئەو ڕادەیەی وشەی (تۆپین) بۆ تاوانبارو ناحەزان بەکار بهێنرێت ، بۆ بابەتی دەرئەنجامی جەنگ کێڵگەیەك دادەنرێت وەك ( کوشتن ، مردن ، شەهیدبوون ، لەناوچوون) لایەنی میدیا خۆی وشەیەك دەدۆزێتەوە بە مەبەست ، ئەگەر لە شەر و پیکادان بێت بۆ کەسانی لایەنگری خۆی وشەی شەهید بۆ کەسانی تر (کوژران) دەستەبەر دەکرێت، بۆ نارەزایی دەربرین کێڵگەیەك دروست دەکرێت و ژمارەیەك یەکەی زمان لە ناویدا کۆمەڵ دەکرێن ، وەکوو( خۆپیشاندان ، ڕێپیوان ، ئاژاوە ، کاری توندوتیژی) ، هەردەزگایەك یەکەی تایبەت بە مەبەست بەکار دینێت ، وشەی (کوردستان ) کە مەڵبەند و جێگای کوردە ، ژمارەیەکی بێ ڕەچاوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ( کوردستان) وەك ناوچە یان هەریم بەکاردینێت ، کەچی هەندێك دەزگای تری دژ بە کورد وشەی ( شمال العراق) یان (الاقلیم الشمالی) بەکار دەهینن ، کەواتا کێڵگە واتاییەکان دوو جەمسەری هەیە لە ڕووی بەکارهێنانیەوە ، بە پێی مەبەست ئایدیا و بیر و ئایدۆلۆژی٠

ئەم هەموو بوارانە ڕۆڵ و دەوری بەرچاویان لە نێو دەزگاکانی ڕاگەیاند هەیە وبە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە٠

**ئەنجـــــــــــــام**

**پاش ئەم لێکۆڵینەوەیە دەربارەی کێڵگە واتاییەکان ئەم خالأنە گەلأله بوون :**

**+کێڵگە واتاییەکان بەشێکی گرنگ و بایەخداری بواری واتاسازییە و بابەتێکی پێویستی رۆژگاری ئومرۆیە، کە لە سەرجەم بوارەکانی ژیان بە گشتی و میدکان بە تایبەتی بەکار دەهێنرێت٠**

**+بوارەکانی کێڵگە واتاییەکان سەرچاوەی گرنگن بۆ تۆژینەوە و لێکۆڵێنەوە لە بواری زمان وپر بایەخە بۆ دەوڵەمەندبوونی زمان وپتر گەشەکردنی ٠**

**+دەزگاکانی راگەیاندن ومیدیاکان توانیویانە کەڵکێکی زۆر لە کێڵکە واتاییەکان وەربگرن ، بۆ ئەوەی بکرێت وشەویەکەکان لە خزمەت و راژەی بوارەکە بن٠**

**+لە رێگای راگەیاندنەوە ، دەیەها لیکسیم و وشە شوور بێتەوە ناو خەڵکەوە و ببێتە وشەی باو و بەکارهێنراو لە فەرهەنگی زارەکی کۆمەڵانی خەڵکدا**

**+کێڵگە واتاییەکان زۆر رێگا ئاسان وسووك دەکات ، کە شارەزایی تەواو لە بواری وشە هاوواتا و بابەتەکانی تر ببیچن و ئەنجا وێنەیەکی باش و زانیارییەکی تەواو بەرانبەر وشەکان پێشکەش دەکات٠**

**+سەرچاوەیەکی بنەرەتە و بناخەیەکی تۆکمەیە بۆ پێشخستن و پێشکەوتنی پێشەیی دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاکان٠**

**پەراوێـــــزەکان**

١- د٠هادى نهر ، علم الدلالة التطبيقي ،عالم الكتاب الحديث ، اربد ، الاردن ،٢٠١١، ص٤٦٧ ٠
٢- د٠ علي حسن مزبان ،الوجيز في علم الدلالة ،دار شموع ،ليبيا ،٢٠٠٤، ص٧٥٠
٣- د٠هادي نهر ، علم الدلالة التطبيقى،عالم الكتاب الحديث ، الاردن ،ص٤٧٥٠
٤-د٠رشيد عبدالرحمن العبيدي،مباحث في اللغة واللسانيات،بغداد،٢٠٠٢ ،ص١٨٩٠
٥-د٠بصلاح الدين زوال، الظاهرة الدلالية ، الدار العربية للعلوم ناشرون ، بيروت ، ٢٠٠٨ چاپی دووەم ، ص٢٠٣ ٠
٦ -٠علم الدلاله ،ا ف بالمر، ترجمه، د٠عبدالمجيدالماشطة، بغداد، ١٩٨٥،ص٧٧-٧٨ ٠
٧ - محاضرات في علم اللغه، فردیناندی سۆسیر ، بغداد ،١٩٨٦٠
٨ -د٠ على حسن زوال ، المصدر السابق ، سەرچاوەی پیشوو ، ل٧٨-٧٩٠
٩ = = = = ، ل ٧٩٠
١٠ - د ٠ محمد على الخولى ، علم المعنى ، دار الفلاح، الاردن ،٢٠٠٢،ص١٨١٠
١١ - واتاسازی ، کلۆد جیرمان و ریمۆ لۆبلان ، وەرگێرانی د٠ یوسف شریف ، هەولێر،٢٠٠٦،ل٣٨٠
١٢ - سەرچاوەی پیشوو، ل٤٣٠
١٣ - د٠ صلاح الدين زوال ، سەرچاوەی پیشوو، ل١٩١٠
١٤ - د٠ أحمد مختار عمر ، علم الدلاله ، القاهره،ص٨٠٠
١٥ - د٠ ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشەی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٥،ل٣٤٠
١٦ - ژمارەیەك لە رۆژنامەو گۆڤاری کوردی و بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کوردی٠

**ســــــەرچاوەکان**


١- د.ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی ، بەغدا،١٩٧٥٠
٢- د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی وشەو رستە ، هەولێر،٢٠١١٠
٣- د.وریا ئۆمەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی دی زمانەوانی، هەولێر، ٢٠٠٨٠
٤- د.هۆگر مەحموود فەرەج، پراگماتیك ، سلێمانی ، ٢٠٠٥٠
٥- د٠ تالیب حۆسین عەلی ، واتاسازی، هەولێر ، ٢٠١١٠
٦- د٠.یوسف شریف، واتاسازی ، هەولێر ،٢٠٠٦٠
٧- د.محمد علی الخولی ،علم المعنی، دارالفلاح، الاردن، ٢٠٠٠٠

٨- د.رشيد عبدالرحمن العبيدى ، مباحث في الغويات واللسانيات، بغداد، ٢٠٠٢.
٩- أف بامەر، علم الدلاله ، ترجمه د. عبدالمجيد الماشطة ،بغداد ،١٩٨٥.
١٠-د،على عبدالواحد وافي ، علم اللغه، وەرگیرانی د. ئيبراهيم عزيز ،هەولێر،٢٠٠٧.
١١- د.سەباح موسا عەلی، رەنگدانەوەی چەند لایەنێکی واتاسازی، کەرکوك،٢٠٠٩.
١٢- المجاز والحقول الدلاليه، ليلى آل حماد،جامعه الملك سعود ،١٤٢٧هـ.
١٣-د. صلاح الدين زوال ، الظاهرة الدلالية ، الدارالعربية للعلوم ناشرون ، الطبعة الثانية ، بيروت،٢٠٠٨.
١٤- د. هادى نهر ،علم الدلاله التطبيقي ،عالم الكتاب الحديث،اربد، الاردن ،٢٠٠٧.
١٥-د. على حسن مزبان ، الوجيز في علم الدلاله ، دار شموع ، ليبيا ، ٢٠٠٤.
١٦-د. ئيبراهيم عەزيز ، زانستی زمان ، وەرگيران، هەولێر ،٢٠٠٧.

دور الحقول الدلالية في وسائل اللاعلام الكوردي


**ملخـــص البحـــث**

يتناول هذا البحث دور الحقـول الدلالية في اللغة الكورديـــة وأثرها وتأثيرها على وسائل الأعـــلام الكوردية المسموعة والمقروءة والمرئية ،حيث يبدأ البحث في محاولة علماء اللغة في مجال الحقول الدلالية والتطورات التي شهدتها منذ ثلاثينيات القرن الماضي وتصنيف اللغويين له ،ويتناول ايضآرأي العلماء في تحديد الحقول الدلالية والمعوقات التي تواجه عملية بناء الحقول الدلالية ويستعرض في القسم الأخير دوروتأثير الحقول في وسائل الأعلام ومراكز صنع الخبر ...وكان ماسكة الختام الهوامش والمصادر الذي لا بد منه والله ولي التوفيـــق ...

**Abstract**

This paper deals with the Semantic Fields in Kurdish languageand their effectson the mass of media Hens , this researth stars with the attemps of language in the semantics fields and the development that occurred since the 1930 and its lhnguistic, classification .

It will also deals with the process of building the semantic fields and the barriers that it faces .

It will also deals in the final part the role and the effects of the semantics fields on the mass media and the placesstrueturing .

Finally it contains the notes and references…..